# خوێندنەوەیەکی جیاوازتر بۆ خۆپیشاندانەکانی عێراق

31-10-2020

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو

**کورتە :** ئەمڕۆ ساڵێك تێدەپەڕێت بەسەر یەکەم جوڵانەوەی سیاسی جیاوازدا لە پاش داگیرکردنی عێراق لەلایەنە هێزە هاوپەیمانەکانەوە کە گەنجانی ناڕازی ناویان لێنا "شۆڕشی تشرین" دژی ئەو دەستەبژێرە سیاسیەی کەوا هیچیان پیشکەشی گەلانی عیراق نەکرد دوای حوکمێکی دورو درێژی دیکتاتۆری ، بەڵکو ئەوەی کردیان زیاتر لەبەریەك هەڵوەشانەوەی دەوڵەت، تەخشان و پەخشانکردنی سەروەت و سامانی وڵات، دروستکردنی بەرژەوەندی سیاسی

RRC |

د.هەڵمەت غەریب-

راوێژکار لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو|

**بەرایی**

ئەمرۆ ساڵێك تێدەپەڕێت بەسەر یەکەم جوڵانەوەی سیاسی جیاوازدا لە پاش داگیرکردنی عێراق لەلایەنە هێزە هاوپەیمانەکانەوە کە گەنجانی نارازی ناویان لێنا "شۆڕشی تشرین" دژی ئەو دەستەبژێرە سیاسیەی کەوا هیچیان پیشکەشی گەلانی عیراق نەکرد دوای حوکمێکی دورو درێژی دیکتاتۆری ، بەڵکو ئەوەی کردیان زیاتر لەبەریەك هەڵوەشانەوەی دەوڵەت، تەخشان و پەخشانکردنی سەروەت و سامانی وڵات، دروستکردنی بەرژەوەندی سیاسی،ئەمنی وئیداری بوو بۆ خۆیان بێ ئەوەی رەچاوی بچوکترین بەرژەوەندی باڵای عێراقیەکان بکەن ، جیاوازی ئەم جوڵانەوە سیاسیە لەگەل نارەزایەتیەکانی تری دوای 2003 لەعێراقدا ئەوەیە کە بە دوو سیفەت ئەناسرێتەوە یەکەمیان بریتیە لەوەی کە دەموچاوێکی نوێ و نەوەیەك رابەرایەتی ئەکات کە کەمترین بایەخدانی بۆ بۆچوونی سیاسیە تەقلیدی و مەرجەعە ئاینیەکان هەیە. دووەمیشیان نوکی ئەم خۆپیشاندان و نارەزایەتیانە رووەو دەستەبژێری سیاسی حوکمڕانی شیعەیە ، یەکەمجارە نارەزایەتیەکان لەناو شەقامی شیعەدا بەو ئاستە بگات کە زیاد لە 17 ساڵە دەسەڵاتی سیاسی و ئەمنی عێراقی جڵەو گیر کردووە.لەم وتارەدا تیشک ئەخەینە سەر گرنگترین ئەو گۆڕانکاریانەی کە شۆڕشی تشرین لەگەڵ خۆیدا هێنای، وە وەڵامی ئەو پرسیارە ئەدەینەوە کە نارەزایەتیەکان ئامانجەکانی خۆیان پێکا؟ چی چاوەڕوانیەکمان لە عێراقی دوای شۆرشی تشرین هەبێت.

**نارەزایەتیەکان چیان گۆڕی و چۆن گۆڕا؟**

لەدوو مانگی سەرەتای خۆپیشاندانەکانی گۆڕەپانەکانی عێراق دەستکەوتی سیاسی باشی بەدیهێنا بەڵام دواتر هێدی هێدی ماناکانی لەدەستدا لەجیاتی گۆڕانگاری ئیتر ریزەکانی خۆپیشاندەران کەوتنە بەر لێك هەڵوەشانەوە لەرێگەی هەڕەشەی میلیشیاکان و گروپە چەکداریەکان ، نارەزایەتیەکان توانی کۆمەڵێک گۆڕانکاری گەورە بهێنیتە دی لەوانە:

- **گۆڕینی بیروبۆچوونی مەرجەعیەت لەعێراقدا:** تا خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکان دەستیان پێنەکرد مەرجەعیەتی شیعی لەعێراقدا بە راستەوخۆ نەهاتۆتە ناو هیچ کێشە و بابەتێکی سیاسیەوە، بەڵام پاش ئەو روداوانەی ساڵی رابردوو بۆیەکەم جار مەرجەعیەت لایەنگیری کرد و پشتی کرد لەو دەستەبژێرە سیاسیەی کە لە دوای 2003وە لە ژێر عەبای پاڵپشتی مەرجەعیەتدا حوکمی عێراقیان دەکرد، بەڵام پاش ئەو روداوانە مەرجەعیەت راستەوخۆ کش مەلیکی لە حزبە دەسەڵاتدار و سیاسیە تەقلیدیەکانی دوای 2003 کرد، چونکە ئەگەر وانەبوایە بێگومان متمانەی عێراقیە نارازیەکان بە مەرجەعیەتیش لاواز دەبوو، چونکە بەشێکی گەورەی ئەو نارەزایەتیانە دژی ناوماڵی شیعە خۆی بوو ، ئەو هاتنەپێشەوەیەی مەرجەعیەت دەسەڵاتدارانی ناچار کرد بیر لە رۆیشتن بکەنەوە بەو شێوەیە مەرجەعیەت تارادەیەك کرد بوو بە مەرجەعیەتی وەلائی کەتا ئەو کات مەرجەعیەتێکی رقابی بوو بەسەر پرۆسەی سیاسیەوە کەمتر دەست وەردانی لە پرسە سیاسیەکاندا دەکرد.بەڵام ئەوەی بووەهۆی گۆڕینی پەیامی خۆپیشاندەران تیمەکانی مەرگ بوون کە میلیشیاکان دروستیان کردبوو بۆ کۆتایی هێنان بە خۆپیشاندانەکان و دواجار ریزەکانی گەنجانی نارازیان تەفروتوناکرد و پەرِاگەندەیان کردن.

- **گۆڕینی سەرۆك وەزیران:** یەکێکی تر لە دەستکەوتەکانی گەنجانی عێراق ئەوەبوو سەرۆك وەزیرانیان لە پۆستەکەی دورخستەوە و رێگەیەکی تریان بۆ دانانی سەرۆك وەزیران دیاریکرد بەپێچەوانەی ئەو رەوتە باوەی دیاریکردنی سەرۆك وەزیران لە عێراقدا لەنێو کوتلە سیاسیەکاندا ، یەکێك لەجوانیەکانی ئەم نارەزایی و خۆپیشاندانانە ئەوە بوو کوتلەی گەروەی بچوککردەوە لەبەردەم خواستی گەلدا ، کوتلەی گەورە هیچ رۆلێکی نەما لە پرۆسەی سیاسیدا بۆ سەپاندنی کاندیدی سەرۆك وەزیران، چونکە یەکێکی کرد بە سەرۆك وەزیران کە بێ پشت و پەنایە لەناو پەرلەمانی عێراقدا ، ئەگەر سەیری نامەی دەستلەکارکێشانەوەکەی عادل

عبدالمهدی سەرۆك وەزیرانی پێشوو بکەین بۆمان روون دەبێتەوە کە ناوبراو بوو بە قوربانی هەڵەکانی رابردووی شیعە لەعێراقدا ، ئیتر ئێستا سەرۆك وەزیران ئەوەیە لە داهاتوودا کە گەل و شەقام پێی رازیدەبێت نەك بە پێچەوانەوە.

- **هەڵبژاردنی پێشوەخت :** دەسکەوتێکی تری خۆپیشاندەران و گەنجانی نارازیی عێراق بریتی بوو لە ناچارکردنی حکومەت بە بڕیاردان بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێك کە هاوشێوەی نەبووە لە عێراقدا ، هەڵبژاردنێك پێش وادەی دەستوری خۆی ئەمەش لەپێناوی خێراترکردنی پرۆسەی گۆڕانکاری وهێنانە پێشەوەی نوێنەرانی گەل لە هەڵبژاردنی داهاتوودا ئەویش لەرێگەی دەستکاریکردنی یاسای هەڵبژاردنەکان و گونجاندنی بەجۆرێک زۆرترین عەدالەتی هەڵبژاردنی تێدابێت ، بەڵام هیچ گەرەنتیەك بۆ پاك و بێگەردی هەڵبژاردنەکە نیە لەباروذۆخێکدا هێشتا قسەی میلیشیاکان یەکلاکەرەوەیە ، ئایا هەڵبژاردنی پەرلەمان لە سایەی تفەنگی میلیشیاکان هیچ گۆڕانکاریەك ئەهێنیتە کایەوە ؟ بێگومان نەخێر تا ئەو گروپە چەکداریانە لە پرۆسەی سیاسیدا رۆڵیان هەبێت ئەستەمە هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد ئەنجامبدرێت .

**ئەنجام**

ئێستا هەموو کەس ئەیەوی بزانێت ئەو دەستکەوتانە چین کە ئەو خۆپیشاندانانە هێنایانەدی بۆ گەلانی عێراق ؟، لەراستیدا ئەتوانین یەك دەسکەوتی دیار بژمێرین کە گۆڕانکاریەکانی ئۆکتۆبەر لەگەڵ خۆیدا هێنای ئەویش هەڵبژاردنەکان و گۆڕانی نەخشەی هەڵبژاردنەکان وپێگەی هێزەکانە لە پرۆسەی سیاسیدا لە ئایندەدا ئەمە تاکە دەسکەوتی سیاسی ئەو خۆپیشاندان و نارەزایەتیانەیە ، ماوەتەوە ئەوەی کە ئایا هەڵبژاردنەکانی ئایندە هیچ سوپرایزێکی تێدایە بۆ خەڵکی نارازیی؟ ئایا ئەبێتە هۆی هێنانە پێشەوەی خەڵکانێك کە هەڵگری معاناتی ئەو نەوە سیاسیە نوێیە بێت کە لەهەموو شتێکی دەسەڵاتدارانی ئێستای عێراق نارازییە؟ من پێم وانیە گۆڕانکاری گەورە بەدیبهێنیت لەبەر دوو هۆکار یەکەمیان هەڵبژاردن لە سایە و سێبەری چەکدا نە پاك و بێگەردە نە دەتوانێت بە باشی و پاکی بەڕێوە بچێت ، دووەم یاسای هەڵبژاردنەکان خزمەتی هێزە تەقلیدیەکانی گۆرەپانی سیاسی ئێستای عێراق دەکات ، حزبە گەورەکان گەورەتر و بچوکەکانیش بچوکتر ئەکاتەوە ئەمەش هیوای گۆڕانکاری بەیەکجاری لەبەین ئەبات.